له چاپکراوه‌کانی
ئه‌میندارێتی گشتی ی رۆشنبیری ولاوان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

# هه‌ندێ له پێغه‌مبه‌ره‌کانی

( مه‌لا مسعودی به‌ش )

چاپی یه‌که‌م ١٩٨٤

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

پێشکەشە ...

بەگیانی پاکی نالی

و

شێخ رەزا

و

هەموو کەڵەڕابەرانی شیعر

• بێ بەش •

## • وشەیەک •

(بێبەش) دەمێکە بەتایبەتیش لە پەنجاکانەوە لەرێی ڕۆژنامەی هەولێرو هەتاووگەلێ ڕۆژنامەو گۆڤاری ترەوە خۆی بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناساندوە ... ئاشکراتر بڵێین: وەک شاعیرێکی داشۆرین (هەجو) ناسراوەو لەدەرچووانی قوتابخانەی شێخی گەورەمان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) یەو ـ من لام وایە ـ شاگردێکی چاکی ڕێبازی ڕەزایانەیە، چ لەشیعرو چ لە باری سەرنج وچ لەهەڵوێست نواندناو تا ڕادەیەکی باشیش گرەوی ئەوهونەرەی

بردوٚتەوە . لاشم وایە جولانەوەی کوٚمەلایەتی و
روٚشنبیری ای ئەمروٚی کوردیمان پیٚداویستیەکی
زوٚر زوٚری بەدەیان ( بیٚ بەش ) و دەیان دەنگی تەرتسی
وەک ( بیٚ بەش ) هەیە .
لە پاڵ ئەم خاسیەتەشا ئەم مروٚڤە
سەوداسەرو ڕاگرتووە، وانیە تەنیا شاعیری
داشوٚرن بیٚت و بەس ، بەلکو لەهونەرە کلاسیکیە-
کانی تری شیعریشا دەسروٚیە نەخوازەللا لە
دانانی پیٚنج خشتەکی دا کە بەراستی هونەرێکە و
هەموو سمیٚل سووری پیٚی ناویٚری ... گەر

بەوردی سەیری نێو ئەم دیوانە بکەیت

بێگومان کەلێ لایەنی ئەم قسەیەت بۆ رونتر

ئەبێتەوە ، ئائەوە جارێکیان لەگەڵ کەلەشاعیرانی

وەک ( نالی - مەحوی - وەفایی - حەمدی -

حاجی - شێخ رەزا ) داخۆی ئەدۆزێتەوە

هەندێ جاریش لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخ و

سەردەمی خۆی وەک ( مەلای گەورە - کانی -

کەمالی - هەردی - بێکەس - هیمن - جاهد -

ثانی - صافی - صابیری - نوری - پاکژ - ئارام -

ئەنوەر ) تاد لە خشت خشتێنەی سوارو

جوان و ڕەوان و قووڵا ئەکەوێتە ڕازو سکاڵا .

بە شێوەیەکی گشتی ، مۆرکی ناوەڕۆک و

بیری (بێ بەش) پێشکەوتنخوازانەیەو ئاور لە -

مەسەلەو باری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی ئەداتەوەو

سروود بۆ هەژاران و بە گەل و بۆ کوردایەتی و

دوا ڕۆژ ئەڵێ و بەری چاو پیشی ڕوون و گەشە ...

با هەندێ جاریش قەتمە ربنوێنێ !! بەڵام شاعیریەتی

(بێ بەش) بە ڕاشکاوی - وەک ووتم - لە -

(هەجوکردن) دا ئەدرەوشێتەوە کە زۆربەی

زۆری ئەو جۆرە شیعرانە لە ئەرشیفی منەو لام

وایە تا دووسێ پشتی تریش قابیلی بڵاوکردنەوە نین..
خۆشتان ئەزانن بۆ !!

هەرچۆنێ بێت وا بۆ دووەم جار (بێ بەش)
لەگەڵتان کۆ ئەبێتەوە و ئەم هەڵبژاردەی خۆی
بە دیاریی ئەخاتە بەردەس وچاوو دڵتان ..
نیازخوازین چەندسائێکیش گوێ لەم جۆرە
دەنگانەی نێو لالەزاری شیعری کوردی شل بکەن.

• محمود زامدار •
بەغدا ١٩٨٤/٦/١

# • بێ بەش •

گوڵی ئەم ناوەیە (بێ بەش) حەقیقەت ڕاستە و ئینسانە
ئەوەی تەقدیری ناکا چاک بزانێ گێژ و حەیوانە

لە حەقی لانەداوە زۆر بە تامە شیعرو ئەبیاتی
ئەگەرچی شیعرەکانی توند و تیژە یا جنێو دانە

ئەوەی حاڵی نەبێ نازانێ حاڵی شاعیران چۆنە
ئەبێ مل کەچ بکەین بۆ ئەو جنێو دانەی لە حەقمانە

جنێو دانی مەلا خۆشە بە تام و پڕ لە مەعنایە
لە جێ خۆیێتی هەموو شیعری بە حەق ئوستادی شیعرانە

بسەلمێنن گەلی کورد نەقش و کورتی زۆرە لەم ناوە
مەلاشی جەرگی سووتاوە شاعیرێکی بەرزی کوردانە

منیش تەئییدی هەجوی ئەو دەکەم هەرچی بڵێت وایە
خەتا بارین ئەزانم رووڕەشین لەم چەرخ و دەورانە

ئەبێ شاعیر لەسەر شاعیر بکاتن چەند دەسی بڕوا
بژییت (بێ بەش) لە بۆ کورد تاکو ماوە مەردو مەردانە

● برهان «جاهد» ●
١٩٧٢/١/٦

# • هیچ •

هیچە دونیا چە ندسە رنجی لیّ ئەدەم وەک پیاوی هیچ
غەم مەخوّ زانیت کە هیچە خوّت مەخەوت داوی هیچ

ئەم هەموو قەسر و قصورەی توّ ئەبینی گەر بە چاو
بەردی هیچ و داری هیچ و خاوەن و داناوی هیچ

گەر دەبینی پیاوی خاوەن روتبەو ناو و نیشان
هەر لە ئیستا ئیت بگە بیم لیّ ی نزاوە ناوی هیچ

هیچ مەبە هەر چە ندە هیچی خوّت مەشیوینە بە هیچ
چە ند هەزاری وەک جە نابت چوون لە ژیر پیناوی هیچ

چە ندی ضرب و طرح و جەمعی بوّ ئەکەم هەر هیچ ئەکا
دەستی هیچ و لاقی هیچ و عەقلی هیچ و چاوی هیچ

ئەو هەموو هیچەی کە دیتت چۆن بە هیچ مەغرور ئەبی
لادە لەم فکرەی کە هەیتە یەعنی فکری خاوی هیچ

تۆ کە ئەندامێکی هیچی عاقبەت ئەندامەکەت
کاکە ئەرزێتن لە خاکا پێیت ئەلێن هیچاوی هیچ

گەر بە چاوی دڵ تەماشای ئەم خەراباتە بکەی
تێدەگەی وەک تێگەیشتووی عاقڵ و داناوی هیچ

هیچ و پووچی هەندە زۆرە هیچی دونیای بێ وەفا
خوایە بمپارێزی خوایە تۆ لە دەست بەدناوی هیچ

شیعرەکەی دامناوە بۆ هیچ تێت دەگەیێنێ هیچی تۆ
بابزانن گەر نەزانن پیروگەنج و لاوی هیچ

(بێبەشا) ئەم هیچە هیچەکێیە فێری کردووی
فێری کردم کاکی هیچم مەردەکی زاناوی هیچ

□

## ● پێنج خشتەکی بێ بەش ●

هەم وەدەم چاوەڕێی هات و نەهاتم
نەهاتی دولبەرم هەرچەندی هاتم
فەقیرم کە وتووم بێ دەستەلاتم
نە عەشقی تۆ ئەزانم من نەجاتم
مەحاڵە تاوەکو ماوە حەیاتم

دڵم سووتاوە بۆت وەک کوڵمی ئاڵت
چییە جارێ بپرسی چۆنە حاڵت
هەزار سوێندم بە مەستی چاوی کاڵت
لە دڵدا نەقشی بەست نەقشی جەماڵت
هەیە حەققم نە بێتن گەر سوباتم

دڵم تینووی مەیە سازوو بە مەی دێ
بە غەیری ئێمە گەر هات زوڵمە مەیدێ
لە دوور گوێم لێ یە دەنگی سازو نەی دێ
هەموو دەم ئینتزارم خوایەکەی دێ
کەرەم کا پێم بدا ماچێ زەکاتم

دڵم زامدارە نییە بێ تۆ دەرمان
چییە دەرمانی زامم کەی بە قوربان
وەرە خێرا بە زوو بە سوێند بە یەزدان
بە عەزمی قەتڵە وەش گەر بێیە لامان
موتیعەم بە ندەتم فەرموو فیداتم

دڵم جێگای تووە حەیفە بە غەم بێ
نەخۆش و دەردەدار و پڕ ئەلەم بێ
قەرارم دا بە دوو چاوت قەسەم بێ
ئەکەم قوربانی تۆ من هەرچی هەم بێ
ئەگەرچی غەرقی دەریایی جەفاتم

لە عەشقت بێ غەشم وەک زێڕی بێ غەش
نیگاری بێ مرووەت شۆخی سەرکەش
نەبوو بەختم کە جاری بینێ دوو شەش
لە تاریکی فیراقت دامە ( بێ بەش )
هەموو دەم ئینتزاری ڕۆژهەڵاتم

## • بێبەش و نالی •

نیە هەمتای لە جوانی نیە حۆری بەشەرە
ناسک و نەرم و نوێل و دەمی نوقل و شەکەرە
راستە فەرموودەیی شاعیر کە ئەڵێ موعتەبەرە
وەسفی روخساری لە فیکری بەنی ئادەم بەدەرە
ئیبتدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە

کە مەگەر بێت و بلێم حوسنی زولەیخات لەکنە
نەقشی نەقفاشی جەمالت بە خوداخوای مەزنە
دەیکە مە نۆکەری حوسنت هەموو حەسنایی (سنە)
نەو نەمامی قەدی تۆ عەرعەری دڵخواهی منە
راستە دڵدارە وەلێ حەیفە کە وا بێ سەمەرە

پێم بڵێ بەدرەجە ماڵی چییە ئەی ئەم قەمەرە
وا لە تاقی فەلەکا سا بڵێ پێم ئەم خەبەرە
خەبەری جوزئە لە ئەو ماهە لە ئەو شوعلەوەرە
تۆ بڵێ زولفی ئەگەر دووکەڵە بۆچ نارە سەرە
قامەتی سەروی ئەگەر بێ بەرە بۆچ بارەوەرە

موبتەلای عەشق و موحیبەت چی بکا چاری نییە
سەد هەزار حوری بوەستێ وەکو دلداری نییە
سەیری ئەم حیکمەتە ئەی حیکمەتەکەی باری نییە
زولف ئەگەر دووکەڵە دووکەڵ بەری گوڵناری نییە
سەروە گەر قامەتەکەی سەروی ڕەوان نارەوەرە

ئەوەکەی روحمە کە روحمم نەدی یەک زەڕە لە تۆ
وەرە سەر مەرحەمەت و بەندە بی تۆم مەمکە لە خۆ
خۆ نە بووم دوژمنی دینت بەسەرم ئەزیەتە بۆ
سەر ئەگەر بێتە دەرت دەیدەیە بەرشەق وەکوگۆ
نیە زاتیشی نەبێ دڵ چ بکا قوڕ بەسەرە

بەسەرت بێت وقەسەم تاریە ئێمڕۆ (بصرم)
گەر نەبێ ڕۆژی روخت نامێنێ قوربانە سەرم
(بێ بەش)م کوانێ بەشم دائمە دڵ پڕکە سەرم
لە دەمی ناڵەیی زارم لە دڵی پڕشەرەرم
وەلوەلەی حەلق وگەرووی (نالی) لەگەردوون بەدەرە

جوانە نازەنینم لارو لەنجەی
بەخوێن نەقشاوە نەقشی دەست و پەنجەی
خودا بەخشیویە پێی ئەم حوسن و گەنجەی
بیحمدللا دوو چاوی یارم ئوخەی
بە بێ مەی مەستە بێ مەی مەستە بێ مەی

لە نێو خوبان هەبێ زۆر لێوە شاوەک
ئەتۆیی دولبەرم هەر تۆیی بێ شەک
سەری سورِما لە بالای جوانی بالەک
لە بوستانی ئیرەم داقەت نیە وەک
شەمامەی وەک شەمامەی وەک شەمامەی

نەخۆش و دەردەدارم تۆی تەبیبم
چییە دەرمانی دەردم کەی حەبیبم
دەکەم داوا لەخوا بتکا نەسیبم
شەوی هیجر و بەقای عومری رەقیبم
خودا تەی بێ خودا تەی بێ خودا تەی

لەدووری یارە ڕۆژم وەک شەوی تار
شەوی تارم وەکو ڕۆژە لەگەڵ یار
لەگەڵ زیل و بەم و عودو نەی و تار
دەرە موترب بەکوێری چاوی ئەغیار
سەدای نەی دێ سەدای نەی دێ سەدای نەی

لە عەشقی نابەزم چونکی نەبەردم
ئەگەرچی من لە سایەی زۆرە دەردم
لە سەرکێلم بنووسن کاتی مردم
لە دووری نازەنینم ڕەنگ زەردم
وەکو بەی هەر وەکو بەی هەردەکوبەی

لە مەکتەب خانەیی عەشقت ئەخوێنین
دەمم وشکە شوکر موحتاجی خوێ نین
ڕژاوە خوێنی ئاڵە ئاوی خوێ نین
لە نەهرەینی دوو چاوم ئەشکی خوێنین
پەیا پەی دێ پەیا پەی دێ پەیا پەی

شەڵەل بووم کە وتووم بێ دەست و بێ پێیم
وەها کە وتووم ئومێدت قەت نەبێ پێیم
منێ (بێ بەش) بە بێ پێ و دەست چلۆن بێیم
کوتی (نالی) ئەتۆ بمرە ئەمن دێیم
خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

□ □ □

## ● دیسان بێ بەش و نالی ●

لە عەشقت راست کە نەمبوو خوار و پێچیم
بە پاچی عەشقی خۆت بۆ وات دە پاچیم
بە قوربانت ئەکەم من هەمبێ هەر چیم
لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف چیم
ئەزانی بەم سیانە طالبی چیم

لە پشت زینار لە مل خۆم کردووە خاچ
لە عەشقت کەوتووم بێ دەست و بێ قاچ
ئەڵێم سەد پارچە پارچەم کەن بە دەم پاچ
وەفای عەهدە لە من رووح و لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم

لە ڕۆژی پێشوو عەشقت زووی خەبەر دام
حەزەر شەرتە لە بازاڕی حەزەر دام
نەما چارەم لە دەستت دەستی بەر دام
کە هاتی تیغی بێزاریت لە سەر دام
سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و ڕۆیم

بەدەرکەوت ڕۆژی ڕووی تاریکی مالّی
خودایە دوبەرم ئاواسبی مالّی
بلّێ (بێبەش) ئەگەر خاوەن کەمالی
تەواو بووئینتخابی شیعری (نالی)
لە تازەوکۆنە هەرچی بووبێ نووسیم

## ● بێبەش وحاجی ●

یەزدانی ئاکوتە نیاسە تتاروکردگاری
بێ عەیبی عەیب ئەپۆشی کردگاروسەتتاری
ناگالەحیکمەتت کەس بێ کاروهەم بەکاری
ئەی بێ نەزیرو هەمتا هەرتۆی کەبێ قەراری
بێ داروبێ دیاری بێداروپایە داری

لە کاروکردەوەی خەڵک لەگیتی گشت ئەزانی
لە کاروکردەوەی تۆ مەحاڵە کەس بزانی
لە گەورەییت چ کەس بێ نەزانە گەر نەزانی
بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری

رەبی ئیلاهی هەرتۆی خەللاق و بەرزو ئەعلەم
بە ئایەتی (لم یلد ولم یولد) بێ قەسەم
چاک و خەراپ ئەنووسی بەبێ زیادو بێ کەم
بۆ پادشانیشانی بوهەرسەودای ئەعزەم
بێ سەدروشان و شینی بێ پەردە بەردەداری

یەکێ بەرز ئەکەی یەکێ ئەخەی پێشی ئەدەی سەبووری
فەرقی نیە لەلای تۆ زەرەکێ نزیک و دووری
قەبووڵ ناکەی لەهیچ کەس زوڵم و زۆرو غروری
جەباری بێ فتوری سوڵتانی بێ قسووری
رەزاقی مارو موری ئاودێری دێمەکاری

نازانی هیچ نەزانە بەشەر لەم هاتوچۆیە
نەقسە بۆ غەیری زاتت ئەوەی کەڕای لێ خۆیە
صانع نیە لەسنعەت بگاهەبێ درۆیە
پیرۆزە تەختی گەردوون مەسنووعی سونعی تۆیە
یاقووت و لەعلی رۆژە ئەستێرەکان دوراتی

بە غەیری زاتی پاکت هەمووی دەبێ بە فانی
ئەوەی هەبێ لە دونیایەو نابێ ئەمانی
ئەمن و ئەمان نەمانە بۆ تۆ نیە نەمانی
جێگا و مەکانی تۆیە بێ جێ و بێ مەکانی
لەیل و نەهاری تۆیە بێ لەیل و بێ نەهاری

هەموو موحتاجی تۆنە مەلەک چ جن چ ئادەم
ئە تۆ موحتاجی کەس نی حاشا لە هیچ کات و دەم
بە غەیری تۆ بە تالە ئەتۆی کەریم و ئەکرەم
هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم
هەرچەندە بێ وەزیر و بێ سەدرو کار و باری

(کن فیکن) کە ئەمرت فەرموو ئەبێ بەیەک ئان
تێکی ئەدەی دەس بەجێ رووس و فەرەنگ و یابان
چ رووداوێ روو بدا بە ئەمری تۆیە قوربان
سەحرانەوەردی شەوقت خورشیدو ماهی تابان
دوو جاریان شەوو رۆژ بی مەحمەلی عماری

دەردو داروبێ دەوامە ئەتۆ    دەرمانی دەردی
لوتفت بۆ خاس و عامە کەسەیرەکەم بە ووردی
(بێ بەش) و بەشخوراوم مەردەم ئەڵێم بە مەردی
مەعلوومە بۆچی (حاجی) مەدحت ئەکا بەکوردی
تاکەس نەڵێ بەکوردی نەکراوە مەدحی باری

## ● بێ بەش و وەفایی ●

لە دەردی دووری هەر دەم دەناڵم
زەردهەڵگراوە من رەنگی ئاڵـــم
دەرچوو لە دەســـتم عەقڵ وکەماڵم
نەخۆشـــی و مەســتی دووچاوی کاڵم
حەقـــم بە دەستە هەر دەم بناڵم

سوند بە ئاڵۆزی زولفی تاتارت
سوندم بە چاوی مەست وخومارت
سوندم بە بەدری مانگی روخسارت
بەغەمزەی چاوت بە خەندەی زارت
بردیان بە غارەت خەووخەیاڵم

خۆ من دەرویش نیم بە زەبری زەرگم
بە خوێنی چاوم رەنگاوە بەرگم
مەرگت نەبینم نەزیکە مەرگم
بە تیری نازت براوە جەرگم
بە چاوی بازت نەماوە حاڵم

داگیرساوە دڵ ئەسووتێ وەک موم
بە ناری عەشقت سووتاو پەکەوتوم
یاری نەکردم بەختی بەدی شوم
من مورغی قودسی لە لامکان بوم
خودایە روحی شکستە باڵم

مەی دەخۆم بۆ خۆم با ئاگر بمبات
بەقسەی ئەم و ئەو نادەم موبالات
بە بێ مەی نازیم یاری دەم نەبات
بە یادی چاوت چوومە خەرابات
لە رەهنی مەی داخەرقەو بەرمالم

دولبەری قەدموی بە ناز و فیزم
ڤینۆسی خوای تۆ یارێ بەرێزم
شێت و وێنێ تۆم نەما تەمیزم
فەرمووت چلۆنی چۆن بم عەزیزم
دوور لە بالای تۆ کافر بە حالم

سەد جار نەک جارێ بە قوربانی تۆم
تازە مەحاڵە دەست بەردانی تۆم
ناتکا لە بیرم تەفرەدانی تۆم
کوشتەی باڵای تۆم سەرگەردانی تۆم
وەک زولفی شەیدا بۆ تۆ عەبدالم

ڕەقیب ئەزانێ بە چاوی کوێری
لە عەشقت چێشتم زۆر تاڵ و سوێری
(بێبەش) لە عەشقت قووەت نایگیرێ
(وەفایی) چی دێت لە سەر بگیرێ
نەما لە سەر تۆ نە سەر نە ماڵم

## ● بێ بەش و مەحوی ●

وەفادارم وەفات بێ بۆ خودا بەس
نەماوە تاقەتم ڕۆیی نەما بەس
قەدی ڕاستم لە جەورت واچەما بەس
بپرسە حاڵم ئیهمالی وەفا بەس
بترسە تۆ لە حەق جەور و جەفا بەس

قەسەم بێ سەد قەسەم بەم چاوە کاڵە
بە دینی من ڕەقیب قەتڵی حەلاڵە
قسەی من ڕاستە بۆ دوژمن بە تاڵە
بە کامی غەیرو بێگانە بڕاڵە
بەری بوونت لە یارو ئاشنا بەس

یەکەم دەرچووم لە دەرسی عەشق و سەودات
نە ما مەجنوون منم مەجنوونی ئێستات
دەکەم داوا لە زاتی خواهە مووکات
ئیلاهی بێ بەلا بێ نەخلی بالات
بەری بۆمن بەلا بوو هەر بەلا بەس

ئەوەی ئەیکا هەمووی تەزویرە زاهد
بەبێ تەقدیرە بێ تەقدیرە زاهد
وتم پێی بۆیە لیێم دڵگیرە زاهد
نزیکە مردنت ئەی پیرە زاهد
وەرە با تۆبەکەین ئیتر ریا بەس

لەمەیدانی موجیبەت دا وەکو مەم
مەحاڵە دەپچڕێ عەشقت لەکەڵلەم
دەپاڕێم و دەکەم داوا لەخواکەم
خودا ئەم دەردی عەشقەم لێ نەکاکەم
هەتاهەم هەر لە باتی هەردەوا بەس

بەقوربانی دەبم ئەوشاهی دینە
ئەوەی ئینکاری کا بێ دین و دینە
بەڵێ فەرموودەکەی (مەحوی)یەقینە
ئەوەی وێڵیە بورجی زەمینە
دەبەس بڕوا مەسیحا بۆسەما بەس

کەمی ما زۆری چوو روح بێتە قورگم
نەزیلم کردووە نێزیکە مەرگم
بەخوێنی جەرگ و دڵ رەنگاوە بەرگم
لەسەرتی بەر بووە خوێناوی جەرگم
بەسەرما بێنە ئەی دڵ ماجەرا بەس

خەیاڵت وەک، خەوە خاوە خەیاڵت
نەتیجەی بۆشە (بێ بەش) تۆ مەئاڵت
مەناڵێنە کەمی کە ناڵە ناڵت
کە نادا (مەحوی) یا دادی بەحاڵت
بەسی بێ دادو ئاهو ناڵە با بەس

## • بێبەش و حەمدی •

دەرنەکەوت تادوور نەکەوت لێم مان و بوونم هەربەوە
خۆشەویستی خۆشەویست بێ خۆشە دلداری بەوە
نامەوێ ئەم ژینە خوایە زوو لەبۆ خۆت بمبەوە
وەختە سالێکە کە رۆژێکیم نەدیوە هەر شەوە
مردنە ئەم حالە یا ئاخر زەمانە یا خەوە

گەرچی دەمبینی دەمێکە مات و داماو کزم
تێم نەگەی واقەت لە مەیدانی موحیببەت نابەزم
بەس ئەمەندەت عەرز ئەکەم چونکی لە تۆ خۆم نادزم
بێوەفایی گەر نەبێ راستی لە نەگبەت عاجزم
رەببی بینێری ئەجەل قائم مەقامی ئەم ئەوە

گەر رەقیبت پەل پەلم کا بمکوژێ بۆی جائیزە
موستەحەقی کوشتنم با بمکوژێ بۆ (جائیزە)
پڕ بە پێستی خۆیەتی ئەو کافرە ئیمانسزە
ئەو دڵە لەت بێ لە زوڵمی خەسمی کافر عاجزە
دوڵبەری بێ شەرت ئەزانی واسیتەی عیجزم ئەوە

گەر بسووڕێنم لە تۆ روو کوفرە ناپاکی ئەکەم
تۆ خەراپەم گەر لەگەڵ کەی ئەی سەنەم چاکی ئەکەم
خۆم دەکەم قوربانی حوسنت چۆن بە بێ باکی ئەکەم
شۆعلە کەوتۆتە دە روونم جیسمی رووناکی ئەکەم
بەرقی ئاهە یا طلوعی شەمسی صاحیب پرتەوە

ئینزارو دەردی دووری کوشتمی (وا الأمان)
غەیری تۆ ھاواری کێ کەم دولبەری ئەبرۆکەمان
وەک ئەڵێن زۆر ڕاستە (بێبەش) ڕاستە بێشوبھە و گومان
وەسڵ یا ھیجرانە بێ وەقفە گروھی عاشقان
یەک بە یەک (حەمدی) ئەڵێن نامەرد نەمانی سەررەوە

## ● بێبەش و مەحوی ●

ئەمنیمە سەرسەرم پیاوی قسەی خۆش بێ وەکو شیعرم
لەگەڵ خوا شەرت و عەھدم ھەتا ئەو ڕۆژە دێ دەمرم
گەدا بێ شا بێ ڕووگرژ بێ بەشیعرانە قدی لێ ئەگرم
لە پاداشی قسەی ساردا ھەمە ئاھو ھەناسەی گەرم
کەسی شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ ئەگرم

## ● بێ بەش و شێخ رەزا ●

لادە خۆت لێم لادە ئەحمەق نامبڕێ تیغی دەبان
شیعرەکانم تیغ بەندە تۆ لە خوارومن لە بان
تۆلە خواردت تا نەکەم نازانی زانایم چەبان
تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زوبان
فەرقی ئەو دووتیغە هەروەک ئاسمان وریسمان

## ● بێ بەش و ش ●

نیە لەگەڵم لە دڵدا زۆرو کەم من
کەمی خۆت تێم بگەی گەرتۆ بەکەم من
وەها باشە نەکەم هەجوت نەکەم من
ئەتۆ زەحم بکەی مەدحت دەکەم من
جەزای قەولی درۆ باهەر درۆ بێ

## ● بێبەش و حاجی ●

لەپێش وەی من بناسی خۆت بناسە
ئەوەی ئەیلێم قسەی عام و خواسە
سەدا سەد ئەڕژێ پڕ بوو جام و کاسە
ئەوەی نازانێ نازانێ چ باسە
ئەوەی ئەیزانێ ناوجەرگی پەلاسە

## ● بێبەش و مەلای کۆیی ●

ئەوەی راست و دروستە نیتی حورمەت
ئەژی هەردەم بە ئاهو دەردو حەسرەت
بڵێ (بێبەش) هەتا رۆژی قیامەت
ژیانی وا بە ئازارو بە میحنەت
بەلەعنەت بێ یەلەعنەت بێ بەلەعنەت

## بێ بەش و کانی

منم پەروانەو سووتاوی شەمعی کوڵمی تۆ یارم
منم ئوستادی مەجنونی موحیبەت زۆر وەفادارم
نیە چارەم دەرم کەی دیمەوە ئەی شۆخی عەیارم
بە بێ سووچ و گوناه بۆ عاجزی لێم ئەی ستەمکارم
دە خیلت بم ئەگەر عەفوم نەکەی زۆر دڵ بە ئازارم

بە دەستی قودرەتی خالق کراوە زولفی تۆ شانە
نەک شانەی بکەی دولبەر ئەتۆ ئەم زولفی سەرشانە
حەقە رەحمێ بە حاڵی بەندە چونکی ئێوە وەک شانە
دە مێکە دڵ ئەسیری پەرچەم و چاهی زەنەخدانە
تو خواشاهم نەکەی گەر لەم کەلەپچە و بەندە رزگارم

ڕەقیب دەرکەوت و یار دوورکەوت ئەوا دووبارە یاسەتار
خودایە قەهری کەی قەهری ڕەقیبی وا بە دو بەدکار
سەرم سوڕما تەحەیورمام نەما چارەم ئەسەف ئەی یار
دەبینم حازرن دایم لە دەورت مەحرەم و ئەغیار
بە تەنها هەر ئەمن دوورم لە بەر ئەم دەردە بیمارم

ئەخۆم غەم غەم ئەخواتن من من و غەم هەردوو غەمانە
لە دەست یەکدی نەجاتمان دەوەرە سەرمەرحەمەت گیانە
بخۆم غەم غەم ئەمن بخوا ئەمە کەی دین و ئیمانە
شەپۆلی خوێنی چاوم هەر وەکوو ئەمواجی عوممانە
لە گێژی پڕ خەتەر وەک کەشتی ئەسکەندەر گرفتارم

بەچاوی مەستەکەت مەستم بەمەستی هەروەکو شاهم
نەزانە ئەوکەسەی دولبەر بڵێ گەر بەندە گومڕاهم
ئەمەندە بەس هەیە ئەیلێم بە ئێوە یاری رووماهم
هەتاکەی دەردو میحنەت ئەی جەفاجۆ دەتگری ئاهم
مرووەت ساخەلاسم کە نەماهیچ تاقەت وچارم

وەها پەیوەندی کردووە وەفام ئەی شۆخی دڵگیرم
ئەڵێی دەست بەست و پابەندم بەدەستی ئێوە یەخسیرم
مەحاڵە تازە دەرچوونم لە عەشقت وایە تەقدیرم
ئەگەر بێت بارە ژینم بۆفەناسانایە تەدبیرم
وەکو مەنسوری قوربان گەر بکەی بەم زولفە بەردارم

وەکو قەقنەس ئەسووتێ دڵ دووچاوم پڕلەگریانە
وجوودم سەرتەسەر سووتا لەکورەی عەشقی جانانە
بڵێ (بێ بەش) بەیارو دولبەرت کەی دین ووجدانە
لەهەوری ئاسمان (کانی) نەدەنگی هەورو بارانە
مەلائیکە گشت لەگریانن لەئاهو نالەوزارم

● بێ بەش وکەمالی ●

سەد شوکر حورم کە دانیم میرو بەگ و ئاغام نیە
هاتە سەر حەق حەق ئەڵێم وقەت لەکەس پەروام نیە
بانەبێ مالم ، کەمالم بەسەیە هیچ داوام نیە
ماڵ وحاڵ وسەروەت وسامانی رووی دونیام نیە
قەیسەری وقەسرو مەڕو مالات وجووت وگام نیە

سەرکەچی ناکەم لە پێش کەس غەیرم عبود ماعەدا
وەک ئەوانەی عەبدی پارەن نابمە عەبدو گەدا
تا وەکو ئەو ڕۆژە ئەمرم ڕوح لەگیان ئەکرێ جودا
قانیعم ڕازیم بە نانی جۆ ئەکەم شوکری خودا
ئارەزووی گیپەو پلاو و گۆشت و پاقلاوام نیە

پشتی خۆم کردۆتەوە باکم نیە کێ یە ئەڵێ
زۆر هەبووبێ نەبووە نەمدی هۆشمەندو عاقڵێ
سەد شوکر ئاسوودەمە الحمد لله گەلێ
شەو لە کۆڵا نان بخوم هیچ کەس نیە نێت پێم بڵێ
پارەکەت کوا بمدەرێ دونیاو مافیهام نیە

هەمبێ گەر داندۆکی خوێی نەمبێ باگۆشت و پلاو
زگ نییە پێم مینەتی مەشهوورە ئەم بەندە تەواو
شوکری خوای خۆم کردووە ئەیکەم بەرووح نەک هەر بەچاو
خۆ هەمە بۆ سەتری عەورەت من لیباس و بەرگی جاو
مەیلی بەرگی ئەتلەس و گوڵ سوورمە و غارام نییە

شاعیری کوردم بە کوردی شاعیرێکم مەردو حوڕ
هەرکە شیعرم ووت لە سەرحەق قافیەم بۆ دێ بەگوڕ
سەدسوپاسم بۆ خودا (بێ بەش) کە نییتی باوکو کوڕ
کەس بە دەستی من نەکوژراوە هەتائێستا شوکر
چونکە ڕەشاش و دەمانچە و ئەسلیحە و بۆمبام نییە

## بێ بەش و بێ کەس

بە بێ مەی مەستەکی مەستم دڵم یەک جاری خەمناکە
چ کەس نابێتە خزمی کەس زەمانێکە کە ئێستاکە
هەزار سوێندم بە زاتی خوای نییە تاکی بە بێ تاکە
سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخسێ بێ غەش و چاکە
لە ناو ئەو قەومەدا کێ یە لەگەڵ هاوجنسی خۆی پاکە

لە خەڵکی لادە خۆت لادەی ئیتر نابینی شکستی تۆ
زەرەر نابینی نابینن زەرەر خەڵکی لە دەستی تۆ
ئەڵێم گەر خاوەنی هەستی هەیە یەک زەرە هەستی تۆ
لە لام وا باشە ئێستاکە بە کەس پشتێ نەبەستی تۆ
لە خزم و دۆست و ئاشنایان هەتا ئەتوانی هەڵ راکە

ئەوان دەرکەوت و دوورکەوت بەهەتا ئەتوانی تۆڵێ یان

لەرێ یان لادە بێ ڕێنە ئەگیرێ چاکەیی کێ یان

(اقارب کالعقارب) ڕاستە (بێ بەش) نیزە گەرمێ یان

کەس وکارت وەکو مارن ئومێدت هیچ نیێ پێ یان

لە ژێر سایەی ئەوان دەرچو برادەر خۆتی لێ لاکە

## ● بێ بەش و ثانی ●

مەماتە دولبەرم بێ تۆ حەیاتم

حەیاتە گەر ولیسالت بێ مەماتم

دەسا رۆیی ئەماسە بروسوباتم

دەخیل ساقی وەرە وەعدەی وەفاتم

بدە پێم جامێ قوربانی وەفاتم

ئەوەی ڕاست بێ بەڕاستی یاری حووری
نیە چارەم نەماوە پێم سەبووری
ئەمەندەم چێشت بەقوربان تاڵ و سووری
لەبەر جەوری رەقیب و دەردی دووری
هەمیشە چاوەڕێی مەرگە حەیاتم

بەمەستی چاوەکەت مەستم بە بێ مەی
لە دووریت دڵ ئەناڵێنێ وەکو نەی
سەرم لێدەی مەحاڵە گەر بڵێم وەی
بە ڕۆژ و شەو هەزار دەفعە دەرم کەی
غولام و بەندەیی تۆم خاکی پاتم

موحیبەت ئاگرە هەر خۆی لە ئەسلا
تەماشاکەی دەبینی والە هەر لا
بە یەک جاری تەوە لا بووم تەوەللا
لە عەشقی چاوەکانی مەستی لەیلا
وەکو مەجنوونی شەیدایی وڵاتم

ئەزانی دولبەرم هەر چاکە چاکە
بە سەئەزیەت ئیتر تەرکی جەفاکە
بە (بێ بەش) ساتەرەحوم بۆ خوداکە
گوتم (ئانی) هەلێ بۆخۆت هەراکە
گوتی چارەم نەبوو هەرچەند هەلاتم

## بێ بەش و هێمن

ئەم پێنج خشتەکیەم پێشکەشە بە بوێژی کورد و برادەری پێشووم کاک «هێمن» ی مەهابادی کوردی کوردستانی ئێران دەکەم، ئومێدەوارم جێی ڕەزامەندی وان بێت ..
دووبارە ئومێد دەکەم بوێژی ناو براو هاتبێتە سەر عەشقی سەربەستی بۆ گەلە دوواکەوتووە چەوساوەکەی بێ بەش و بەشخوراوەکەی، کوردی کوردستانی ئێران ...

### ئیتر پشت بە خوا

کوردەکی چالاک و پاک و دڵ بە بێ گەردەم ئەمن

. . . . . . . . .

گوللەیە بۆ سەر دڵی ئەو شیعرەکی فەردەم ئەمن
گەرچی تووشی ڕەنجە ڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

تێ ئەکۆشم ڕەنج ئەدەم تاکو بە سەربەستی بژیم
خۆشە سەربەستی لە مەستی بەس نەبێ مەستیم لە چیم
ناچمە مەیخانە ئیتر نامەوێ ساقی و نەدیم
ئاشقی چاوی کەژاڵ وگەردەنی پڕخاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

ناحەقم سوێندم بە حەق بێ گەر لە ڕێگای حەق هەڵێم
دووشەقم کەن ناپیاوم گەر لەبەر دووشەق هەڵێم
لافی حەق لێدەم لە ڕێی حەق ئەحمەقم ئەحمەق هەڵێم
گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئێمڕۆ زەڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تالە سەر هەردم ئەمن

هەستی حەق ناحەق نەکەم من دیارە ئیدراکم نییە
ئەو هەموو خاکەم هەبێتن سەیرە بۆ خاکم نییە
شاعیری کوردم بەکوردی (بێ بەش) م تاکم نییە
من لە زنجیر و تەنافـو دار و بەند باکم نییە

. . . . . . . . . . .

● بێ بەش و هەردی ●

بە دەستی خۆی لە دەستی داکە چی ئێستا پەشیمانە
ئەلێ چیم کرد لەگەڵ خۆما لەگەڵ نامەردی بێگانە
بەرم دەن با وەلامی دەم بڵێم پێی مەرد و مەردانە
بە دەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە
ئەگەر زەهریشی تێدا بوو گوناهی خۆتە بێزانە

## ● بێ بەش و پاکژ ●

ڕازاوە لە هەر لاوە شەقام و دەرو دیوار
دڵ شادن ئەم ئێستاکە لی بێچارەو غەمبار
شایی هەوەس و رەقسە لە نێو یانە بەبەکجار
ئێمڕۆکە کە سەربەستە لە ژین چینی کرێکار
ڕووگەش وەکو خونچێکە کە خەملیوە لە گوڵزار

چینێ لەگەڵ ئەم چینە نەبن دیارە نەفامن
یانە بەکرێ گرتەوو جاسوس و غولامن
کێ بێت و نەزانێ کە هەموو چاکی ئەزانن
هێنونی خەبات هەڵگری ئاڵایی سەلامن
سەرمایەیی شادینە لەگەڵ ڕەنجبەر و جوتیار

ئازاد و دلێر و نەبەز و سایم و پۆلان
تاقەت نیە خۆی بگرێ لەبەر تاقەت و هێزیان
ئەم چینە بوو واکردیە دەرخوێنمژی شەیتان
سەرکردەنە بۆ هێرشی ئازادی وولاتان
گورزێکی نە قوولانە لە بۆ دوژمن و زۆردار

دڵپاک و نەزیهن گەلێ بێ عەیب و زیانن
گشتیان هەموو یەک دەنگ و یەک ڕووح و گیانن
بێوێنە نە مەردانە و مەشهووری جیهانن
هێز و هونەر و مایە و سامانی ژیانن
ئەوێنەیی شادینە لە لادێ و لە نێو شار

هەڕی نیە ئەم هێزە کەوا بێت لە نێو بات
ناپاک و کرێ گرتە ئەبەد ناگەنە ئاوات
مەشهوورە کە نێو عالەمی دوو ئەرز و سەماوات
پێشمەرگەیی سەربەستی گەلانن لە هەموو کات
هەم خەنجەری راستینە لە بۆ تۆڵە لە زۆردار

پڕ هێز و توانانە ئەگەر بێت و لە مەرجێ
بمرن ئەبەدەن نالێنە کەس سا بدە خەرجێ
ئێستاکە نەما ڕۆیی بە سەر ئەمری لە سەرجێ
ئەوچینە هەموو ها و بەشی یەک دێنە لە هەرجێ
رەمزێکە لە بۆ یەکیەتیان جەژنەیی ئایار

شاعیر کە نەکا وەسفی ئەمانە هەروگێژە
سەربەست بە لە حەق لامەدە ساوێژە بڕێژە
هەرشاعیرێ مەدحیان کە بکا راستە بوێژە
پێنووسی دەسی نووسەری مێژوونە لە مێژە
هەم رابەرو پارێزەری شادینە لە رۆژگار

لەم چینە هەیە یەکە پیاوو کوڕی چالاک
هەڵکەوتووە لێی پیاوی پیاوانە بە ئیدراک
ئەم تاکە کوڕە کوردە ئەی شاعیری خوێن پاک
دەزگاوو قەڵاو سەنگەرەیی خوێنمژی زوحاک
سەیری کە کە چۆن تێکی شکاند (کاوە)ی هوشیار

(بێ بەش) وەکو پاکژ بە ئەتۆش لەم نەوە شیرەی
بەشدار بە ئەگەر طالبی ئەم چاکە و خێرەی
تا ماوە ژیانت لە سەر ئەم خاکە و لێرەی
(پاکژ) وەرە گەڕها و بەشی ئەو چینە دلێرەی
بێ بەش مەکە خۆت لەم شەرەفە تۆش ببە بەشدار

## ● بێ بەش و ئارام ●

گاهێ دلەکەم حەپسە لە زیندانی موحیببەت
گاهێ بە جەفا غەرقە لە تۆفانی موحیببەت
گاهێ وەکو مەجنوونە غەزەلخوانی موحیببەت
نەمدی چ بەشەر دەرچێ لە مەیدانی موحیببەت
ساغ و بە سەلامەت لە بیابانی موحیببەت

بێ وێنەیە یارم لە جیھان تاك وەفەریدە
قەت ڕوحمی نیە دوڵبەرو شۆخێکی عەنیدە
عاشق لەسەفا دابێ نیزەمەدی بە دیدە
چارەی نیە ئەم عەشقە عەزابێکی شەدیدە
ڕووحم لە ئەزەل کەوتووە نیرانی موحیبەت

تاکەی دڵەکەم مونتەزری لوتف و وەفابێ
تاکەی بە خەفەت پڕلە غەم و دەردو بەلابێ
تاھەم بەخودا ئەتگریێ ترست لە خودابێ
تاکەی بەکەسەر عومری عەزیزم لە جەفابێ
ڕوحمێ بکە سووتاوە لە ھیجرانی موحیبەت

رو حمێ بکە بە بس بێتی لە ژێر باری غەمابم
پڕ دەرد و کەدەر دەربەدەر و خانە خەرابم
چارەم چیە چی بێت تو خوا روولەچ لابم
تەقدیری خودا وایە دەبێ هەر لە بەلا بم
تەسلیمە سەرم روح بێ بە قوربانی موحیبەت

وەک بولبول روح بو گوڵی رووت هەر لە فیغانا
روحمێ بکە پێم بە سیە جەفا دو لبەری دانا
قەت نایێ شیفام بێ تو بە سەد دوکتری زانا
نە میدلوە دەوای عەشقی پەیا بێ لە جیهانا
مومکن نیە نابێ نیە لوقمانی موحیبەت

سایێکی نەبوو دڵ کە نەکا گریە و ئەفغان
بۆ لەیلەیی رووت هەروەکو مەجنوونی غەزەلخوان
چارەی دڵی (بێبەش) چیە تۆبێتو بە قوربان
دەرمانی دڵی خەستەیی (ئارام) چیە قوربان
بۆ خاتری خوا بیدەری دەرمانی موحیبەت

## ● بێبەش و مەلا اسعد ●

پیاوی کەر حاشا لەکەربێ هەر دەمی بێ دەم بووە
کاتێ هاتۆتە قسەش هەر کاروپیشەی زەم بووە
نەمدی مەرد ئاسوودە بێتن رۆژی هەرلێ تەم بووە
گورگی دووپێ هەندە زۆرن گورگی چوارپێ کەم بووە
پیاوی غەمخۆری نەماوە بۆیێ غەم بێ غەم بووە

## • بێ بەش و صافی •

لە دووری دولبەری دین بەرهەمیشە مات و غەمگینم
بە غارەت چوو لە ڕێی عەشقی بەجارێ مەزهەب و دینم
ئەگەر مردم شەهیدم من نیە حاجەت بە تەلقینم
چیە قیستم گەر فەلەک یاران بە ئاهی دڵ بسووتێنم
چ وازە گەر زەمین یەک سەر بە خوێنی دیدە بڕشێنم

بەشەو تاکو سەحەر قوربان لە عەشق و دەرسەکەی سەوداتە
ئەخوێنم خوێنی جیگەرسوێند بێ بەقەدد و ئەلفەکەی باڵات
سەرم سەرسام و دڵ پەست و وجوودم واڵە غەم ڕاهات
لە عەشقی لەیلەکەی بێ مەیلەکەی دونیایی دوون هەیهات
سەرێکی ڕاحەتیم ساتێ نەبوو دانێمە بالیسم

ئەسووڕێم مەست و سەرخۆش وکەساس و بێکەس و شێواو
ئەسیر و بێ نەوا و دەردمەند پابەند و دڵ بەسراو
چلۆن بێ سەبر و ئارامم نەناڵێنم منی داماو
لە دەردی دڵ لە جەرگی کوڵ لە داخی سینەکەی سووتاو
بەڕۆژم دادو ڕۆڕۆیە لەشەودا شیوەن و شینم

٥

ئەناڵێنی لە سینەمدا دڵم هەر دەم بەوێنەی نەی
لە دەستی دولبەرم یاران نەبوو جارێ بکەم ئۆخەی
هەموو عومرم بە فیڕۆ چوو بە گریە و نالە و ئای و وەی
بڵێنە شۆخەکەم بێ ڕەحمی تا چەند بێ وەفا تاکەی
میسالی خونچە دڵ تەنگ بم وەکو گوڵ جامە بدڕێنم

ئەمان جەمعی رەفیقانم دەخیلا سابکەن چارێ
بەغەیری ئێوە بۆکێ کەم سکالا یا خوهاوارێ
وەهالێم چووە سەر غەزەب نیگارم نایەتە خوارێ
بەرێشی سپیەوە یاری نەکردم بەخشتی رەشحارێ
منیش بۆیێ کە عادەت عاجزی ورەهمە نالینم

~ ٥ ~

بەتیری غەمزەیی چاوت بەقوربان دڵ برینداریم
وەکو عارەب دەخیلت بم وەرە جارێ بەهاوارم
بڵێ (بێ بەش) لە دووری یار هەمیشە عاجزو زارم
لە زاری من مەکەن بێزاری (صافی) زۆر بەئازارم
لە داخی سینەکەی سووتاومە ئەو داخە هەڵدێنم

## • بێ بەشی و صابری •

ئەتۆ شاهو ئەمن بەندەو گەداتم
خەلاتم عەفوە گەر بمکەی خەلاتم
نەماوە سەبرو ئارام و سوباتم
خودایە عاجزو بێ دەستەلاتم
بگاتە بارە گاهی تۆ شکاتم

نەوەک هەر خۆم فەلەک سووتا لە ئاهم
ئەلێ عەبدت بە تۆی مەعبودو شاهم
بەغەیری تۆ نیە پشت و پەناهم
سەراپا غەرقی عوسیان و گوناهم
عەفو فەرموو گوناە و سیئاتم

لە دەستت تۆیە هەبوونم گەر نەبوونم
بە بێ تۆ نابێ من بوون و نەبوونم
لە بوونت بێ شکە روونە دەروونم
بە دەستی دەردەوە غایەت زەبوونم
بە حەول و قووەتی تۆیە نەجاتم

گوناهم چەندە زۆربێ هەر رەوایە
عەفوم کەی چونکی تۆ عەفوت لەلایە
خوداوەندی عەفوهەر تۆی خودایە
ئەگەر چی دەردە کەی من بێ دەوایە
لە لای تۆ سەهلە حەللی موشکلاتم

گوناهـم زۆرە نایێتە ژمارە
بزر نابێ لەلات یەک یەک دیارە
بەغەیری تۆ نیە نەم ماوە چارە
خەزینەی رەحمەتی تۆ بێ شومارە
منیش مسکین و موحتاجی زەکاتم

ئەوەی هەرکۆ دەکا موحتاجی ماڵە
لەحەددی تێپەری کرد بێ کەماڵە
بەڵێ (بی بەش) بەوەی خاوەن کەماڵە
وەکو (صابر) هەتا رۆژی مەماتم

## • سەیدانوروبێبەش •

ئەم غەزەلە بەبۆنەی کۆچی دووایی خوالێخۆشبووی باوکی (بێبەش) ەوە گوتراوە .

ئەوا دووبارە هەوری غەم ڕژاندی بەفرو بارانی
بڵاوی کردەوە تاڵی وغەم و دەردو پەرێشانی
حەیف واکۆچی کرد عەبدی خوداعەبدێکی نوورانی
وەفاتی کرد بەئاسانی لەدونیایێکی وافانی
فڕی گیانی لەبۆجەننەت بەدڵپاکی وموسلمانی

ئەبەدەستی ی نەکرد هەرگیز لە تاعەت کردن وتەقوا
یەقینی وابوو ئەیزانی لە دونیا هەرئەبێ بڕوا
لەعوقبادا لەبۆ مەحشەر لەبۆ خزمەت رسول اللّە
حەقیقەت عەبدی مل کەچ بوو لە زوهدو تاعەتی مەولا
ئەوەی ئەیکرد لە دونیادا ئەوی دەیناسی دەیزانی

لەوێ رۆژێ وەفاتی کردووە من مات وحەیرانم
شەوو رۆژ هەر ئەنالێنم لە تاوی ئەو پەرێشانم
لە دەستم چوو حەیف ئوستادی شەرع وعیلم وعیرفانم
ئەوی نەیناسی نەیناسی کە من ئەیناسم ئەیزانم
چ زاتێکی موبارەک بوو ئەکەم رووحم بەقوربانی

مەیێن واکۆچی کرد ڕۆیشت لە دونیا بێ سەروبێ شوون
لەبەرچی چونکە ئەو زاتانە شوعلەی ئایین ودین بوون
لە گۆڕستانی پڕ نوورا هەتا ڕۆژی حەشر زیندوون
ئەمانە نامرن زیندوون ئەگەرچی زاهیری مردوون
هەموو ئەهلی دڵ ئەیزانی بەبێ دڵ حەقیە نەیزانی

لەکاتێکا کە سادیر بوو ئیرادەی حەزرەتی یەزدان
نیە چارەو پەناو پیچەک لە ڕزگاربوونی ڕوح کیشان
ئەبێ تەسلیم بکەی ڕووحت بەئازار و بەئێش و ژان
ئەوەی ڕووحی لەبەر دابێ بەنەفسی ئایەتی قوربان
درەنگ و زوو ئەبێ بمرێ مەحالە هیچ کەسێ مانی

ئەبێ باوەڕ بکەن هەرچی کە نووسرابێ لە قورئانا
لە شەرع و دین و ئایین و حەدیس و حوکمی فورقانا
لە شار و دێ لە دەشت و دەر لە گشت قورنەی وڵاتانا
هەزاران عاقیل و دانا لە عیلم و مەعرفەت زانا
بناغەی عیلمیان دانا ئەماون پێم بڵێ کوانێ

لە هاتوو چوونە گشت عالەم سەراسەر دێت و ئەڕواتن
هەموو سەرخۆش و سەرمەستن لە بۆ دونیا بە ئاواتن
لە حاڵی مردن و مەرگی چ کەس فکرێکی ناکاتن
هەزاران شاە و سوڵتان و ئەمیر و خانەدان هاتن
لە بۆی دەرچوون و مەیئوس بوون لە تەخت و بەختی سوڵتانی

ژیانی ئاشتی و خۆشی لە دونیادا هەتا سەرکوا
بەبێ شک پێنج و دوو رۆژێکە نامێنێ بەشەر بەڕوا
لە دونیا کۆچ ئەکا و ئەمرێ تەواوی رزقی خۆی ئەخوا
درێژەی پێ نەدەین ئەی کوا محمّد خۆشەویستی خوا
لە بۆ ئەو بوو خودا دایناکە وا دونیای بە ئاسانی

جیهان و سەر زەمین گشتی لە بەحر و بەر هەتا ئەفلاک
هەمووی خاپوور ئەبێ و ئەرمێ لە ژێر چەنگی خودای بێ باک
ئەوێ رۆژێ نەفع نادا نە خزم و کەس نە باوک و داک
کەوا ئێمەش ئەبینە خاک دە بابێ بەش بزانێ چاک
ئەمێنێ بەس خودای تەنیا لە ئەووەل وایە دانانی

هەموو دەم کار و پیشەی تاعەت و تەقوا بوو عبدالله
لە ژێر ئەحکامی قورئان و کەلامی خوا بوو عبدالله
لە زیکر و فیکری ئەو هەردەم لە کۆشش دا بوو عبدالله
وەفاتی کرد نەما ڕۆیی بە جەننەت شاد بوو عبدالله
خوا ئامانجی هێنا جێ نەجاتی دا بە ئاسانی

## • پێنج خشتەکی •

ئەی رەئیسی تاجداران ساحیبی بیت الحرم
پورتەوی دینی موبین و دافعی هەم و ئەلەم
مەدحی زاتت قەت تەواو نابێ بە تەحریری قەلەم
ئەی شەهی شاهان وگەورەو ئەفخەری عورب وعەجەم
وەی فیدات بێ رووح وجسم ناکرێ وەسفت بە دەم

گەر بکەم وەسفی جەمالت بێ حیساب و بێ ژمار
هیچ نموودێکی نیە گەر من بنووسم سەد هەزار
سەر وەرم حەددم چیە قوربان بکەم مەدحت بە زار
وا بە (لولاك) کردوێتی وەسفی تۆ پەروەردگار
کافیە بۆ بەرزی شەئنت مەعدەنی کانی کەرەم

ڕووڕەش وهەم بێکەس و دڵ پڕغەم وهەم قوڕ بەسەر
زامدار و دڵ بەئێش و بێ عیلاج و بێ مەفەر
ڕوولە کوێ کەم چاوەکەم ئەی شافعی ڕۆژی خەتەر
عیللەت و دەردی گوناهم سەرەوەرە زۆرە مەگەر
وا پزیشکی شافعی تۆ بێ دەوا کا دەردەکەم

من ئەسیری نەفسی شوومم پڕهەوا و موفلسم
بێ هەواڵ و بێ شعوورم بێ دەوا و موفلسم
مل کەچ وهەم دەست بەناڵ و نائەوا و موفلسم
ڕووسیاه و پڕ گوناه و بێ نەوا و موفلسم
غەیری بەرزی غیرەتی تۆ ئێستیلیتجا بۆکێ بکەم

ئیعترافی پێ ئەکەم زەنب و خەتام زۆرە یەقین
لازمە سەرفی نەزەرکەی ئەی رەئیس المرسلین
سەیئیات و جورمەکانی ئەووەلین و ئاخرین
هەرچی کردم چوو لە دەستم تۆبە بێ ئەی شاهی دین
وا پەشیمانم لە کردەی سابقەی ئەعمالەکەم

دەفتەری ئەعمالی بەدکرداری خۆم بۆ کێ بەرم
هەر لە پێ غەرقی خەتامە تاوە کو تەوقی سەرم
موستەحەقم بۆ جەهەننەم جێمە ئەما سەروەرم
ئایەتی ( لاتقنطوا ) هەم شافعی تۆ رەهبەرم
جێگەیی ئومێدە بۆمن رووحی ئەرواحی ئەوم

گەر لە زومرەی عاسیان و پڕ خەتا دابم لە تۆ
هەروەکو ئارام خەجالەت بارو ڕیسوابم لە تۆ
چۆن بڵێم من بێ ئومێدم بێ ئومێد نابم لە تۆ
بێ بەشم (بێبەش) لە ڕۆژی ئاخیرەت نابم لە تۆ
چونکە عەفوی من لە بەحری لوتفی تۆ نابێ بەکەم

## • نەورۆز و پێنج خشتەکی •

(بێبەش وجاهد)

نەوبەتی ژینێکی خۆش و سەرکەتە
غەیرە لاق و دەستی بەسراوی پەتە
وەقتی تێکۆشین و سەعیو هەڵمەتە
لاوی کورد نەورۆزە ئەمرو جەژنەتە
دوژمنت جەرگی لە داخا لەتلەتە

بەڵپەرە شایی کە ئیمڕۆ پێکەنە
لەم گوڵ و گوڵزارو باغ و گوڵشەنە
بێخە سەر ئازادی ئەم گیان و تەنە
بەرگی زستانیت فڕێدە داکەنە
تێ بکۆشە ئیمڕۆ ڕۆژی هیمەتە

فەرمو ناو گوڵزارو ناو سەیرانەوە
دامەمێنێ بەس بە دەس دەورانەوە
دەس بدە دەسی کۆمەڵ و یارانەوە
تۆش وەکو مەرد بۆی وەرە مەیدانەوە
بانەجاتی بێ لە چەنگ ئەم ئەزیەتە

هەستە هەستت بێ لە خەو خەو بەسیەتی
تا بەکەی مەستی هەتاکەی مەستیەتی
چەوتی کەوتی بگرە ڕێگەی ڕاستیەتی
پڕ بە دەم هاوار بکە بۆ یەکیەتی
یەکیەتی تۆ دەر ئەخا لەم نیگبەتە

گەر بژی کورد و عەرەب یەک گیان و دڵ
دوژمنی ئەم دووگەلە دەکرێ بە گڵ
دەمرێ ئیستعماری پیسی بێ عەقڵ
تازە (بێ بەشش) ناکرێ بولبول لەگوڵ
هەر بژی ئەم دووگەلە پڕ غیرەتە

# • بێ بەشی وجاهل •

من لە گیتی ی بێ وەفادا پڕ کە دەرهەر مامەوە
لە حزە یەک شادیم نەدیوە بۆ جەفاو شەر مامەوە
رۆژی رووناکم وەکو شەو شەو بە بێ دەرمامەوە
نەو بەری ژینم بە سەرچوو تازە بێ بەرمامەوە
حەیفە وا من بێ سەروسامان وسێبەر مامەوە

سەد ئەمەندەی تۆ بڵێی ڕاستی بە ڕاستی هەرکەمە
چەند ئەڵێم تێگەم برا ناگەم بە خوا لەم عالەمە
دڵ پڕی ئازارو دەردم شادی بۆمن ماتەمە
کەس چ سوودێکی هەبێ بۆمن لە سەگ زۆرتر هەمە
غەیری قەپ لێدان وئەزیەت هەرکە بێ سەرمامەوە

ڕۆژێ زوو بمرێ دەرەنگە هوشمەند و پیاوی چاک
نەک بژێ بەم ژین و ژانە سوێند بە خوای بێ باک و تاک
مەرد ئەژی هەردەم بە حەسرەت پیاوی نامەرد نیتی باک
خرم و خۆشی و خۆشەویستی مەنعە بۆ ئینسانی چاک
چونکە دەورەم درک و دارە بۆیێ هەر کە رمامەوە

پێم بگەیێنن تێ بگەم جارێ لە راهی خوا وەرن
چونکی زانیم ئێوە زانان ئێوە دانا و رەهبەرن
پێم بڵێن زۆرداری تاکەی مەردی خاوەن باوەڕن
خاڵەزا و مامەزا زۆر سەیرە واهەڵمەت بەرن
خۆم لە ناو حەرب و نیزاعی فەتحی خەیبەر مامەوە

قەت نەبووم ڕۆژێکی خاڵی من لە ئازارو بەلا
دەهری دوون پەروەر لەگەڵ من وایە (من قالوابلی)
جا بڵێ چیبکەم بڵێم چی کە وتمە گێژاوی وەلا
من لە دەس ئینسانی هیچ وپووچ شەڕکەرئەی مەلا
ڕۆژو شەو مەحرومی ڕاحەت دەس بەخەنجەر مامەوە

گەر هەبێ هۆشم لەمەولا بێت وئیتر فام بکەم
شەرتی خوابێ تاکو ماوم روو لە قاپی ی خوام بکەم
تابەکەی غەرقی خەفەت بم باسی دەردو زام بکەم
من کە نەم بوو یەک دڵارامێ دڵم پێ رام بکەم
بۆیێ ئارامم برا بێ یارو یاوەر مامەوە

چەندهەزاران دولبەرم دی ماه روو ئەبرۆکەمان
چەندهەزاران فەیلەسووف و رۆستەمی مازەندەران
(بێ بەشا) چوون و نەهاتن یەکە یەکە بۆ جیهان
هەر بۆیە (بورهان) ناو نرام بوومە بورهانی زەمان
تاکو رۆژی خۆی ئەلێ بێ قەیدو دەفتەر مامەوە

## ● دووبارە بێ بەش و جاهەر ●

بۆ واکەمی زۆر زۆری کەمە چەرخی جەفاکار
هەرچەند ئەگەڕێم وون بووە لێم مەردی وەفادار
دانا وودەنی یێکە دڵم پڕ بوو لە ئازار
بازاڕی فەلەک حیزە بە فلسێ نیە ئەشعار
مەیدانی عەقل بووەتە ئەوێلەی کەروکەردار

## ● دیسان بێبەش وجاهد ●

زەمانی بێ ئەمان کاری هەموو هەرچەوت ونارێکە
لەلای دونیای دەنی پەروەردەنی ودانابێ هەرێکە
دڵم سەودا زەدەی دەستی خوماری چاوخومارێکە
خەیاڵاتی دڵی تەنگم لە دنیا مالە یەک پێکە
بفەرمە چاوەکەم ساقی هەتا ئەتوانی بۆم تێکە

## ● بێبەش وجاهد ●

تێت بگەیێنم تێ ئەگەی من چونکی چاکی تێ ئەگەم
هیچە ئەنجامی هەموو شت چەندی بیری لێ ئەکەم
خۆ دەزانی پیاوی زانا بانەزانی پیاوی کەم
عاقیبەت ئەرزی لەشم هەرچەند بەنازی گەورەکەم
خزمەتی زگ چەندبکەم موحتاجی یەک نانم ئەکا

## • بێ بەشس و نوری •

دەروونم دەردەدار و پڕ جەفایە یا رسول اللە
بریندار و نەخۆشس و بێ دەوایە یا رسول اللە
سەرم مەستی خەراباتی وەهوایە یا رسول اللە
دڵم دائم بە غەفڵەت موبتەلایە یا رسول اللە
لە بەحری عاسیان غەرقی خەتایە یا رسول اللە

بەنووری رووی پڕنوورت مونەوەر بوو دڵی یاران
بەڕۆژی وەسڵی تۆ دەرچوون لەتاریکی شەوی هیجران
هەموولادین و بەدخوو مان لەحیرەت مات و سەرگەردان
سوپاهی نەسرەتت (انا فتحنا) فەتحی کرد قوربان
کەلامت وەحیی حەق ئەمری خودایە یارسول الله

لەدەرگەکەوتووم بێ کەس زەلیل و مات و غەمبارم
ئەناڵێنم لەدەس دەردی دڵی پڕ زار و ئازارم
بکە رەحمێ لەراهی خوا نەخۆشی و دڵ بریندارم
فەقیر و بێ کەس و مل کەچ زەبوون و عاجز و زارم
ئومێدم والەدەرگەت هەرعەتایە یارسول الله

ئەتۆی شاهنشەهی عالەم ئەتۆی سەردارو سەروەر
ئەتۆی مەنبەعی لوتف وسەخاوو شافیعی مەحشەر
ئەتۆ دووری یەتیمێکی نەجیب وگەوەرەو ئەفخەر
بەنووری زاتی خەلقی کردمەگەر زاتت خودای ئەکبەر
بەلێ مەدحت بە (لولاك) واکرابە یارسول الله

بەقوربانت بم بلێ تاکەی بنالێنم بکەم ڕۆڕۆ
دەروونم پڕلە ئاگربێ بسووتێم هەربەناری خۆ
سەگی دەرگانەیی تۆمە منیش حەقم هەیە ئەمڕۆ
لەبۆ هەرکەس وجوودت مەنبەعی جوودوسەخایەتۆ
زوهوورت بۆهەموو عالەم ضیایە یارسول الله

چ بەد بەخێتم یێلاهی من چ رووت و قووت و عوریانم
لە خەیرو چاکە مەحرومم نیە قەت چاکە و احسانم
هەموو دەم ردوو رەش و موفلس غەریب و خانە ویرانم
ئەسیری نەفسی ئەممارەم غەریقی بەحری عیصیانم
نەجاتم دە کە هیچ چارەم نەمایە یا رسول اللە

دلیل و موشفق و موقنع لە عالەم عالم و دانای
لە گیتی نیتە هەمتا تۆ خەلووق و بەرز و بێ هەمتای
خەراپەم زۆرە روحمێ کە منی (بێ بەش) بەخۆت زانای
غەریب و بێ کەسە (نوری) بە غەیری تۆ نیە مأوای
کە زاتت شافعی رۆژی جەزایە یا رسول اللە

## ● بێبەش و میرانی ●

سوپاس بۆ خوا دەمێکە خۆشە ژینم
بەبێ ئازار و ناڵە و بێ گرینم
دەمێکی زۆر بوو غەم ببووە قەرینم
لە سایەی لوتفی یاری نازەنینم
ئەمێستا هەر لە قاقای پێکەنینم

لە نەقشی رووتە (مانی) ماوە حەیران
نیگاری نازەنینم شاهی خوبان
گەلێ خۆشحاڵم ئێستا ماهی تابان
لە سەر ئەو وەعدەیە فەرمووتە قوربان
یەکەم دڵ خۆشی سەر رووی زەمینم

لەسەر رۆژی روخت لادە تەنافت
بەدەرخە بەدری ماهی رووی سافت
لەسەر فەرموودەت هاتم بۆ تەوافت
لەسایەی عەهدو وەعدەی بێ خیلافت
بە دڵشادی ئەم ئێستا خۆم ئەبینم

لەکوورەی ئاگری دووری بەقوربان
سوتا جسم و وجودم بوو بەبریان
لەبۆ خوا ساڵێن بەم شۆخە یاران
نەزەرکا گەر گوزەرکا یار لەسەرمان
کفایەتمە لەبۆ دونیا و دینم

ئەتۆی رووحی رەوان و نووری چاوم
بەتۆیە قووەتی قووەتی هەناوم
وەکو پەروانە قەقنەس دڵ سوتاوم
لەسەر ئەو وەعدە ماوم تاکو ماوم
خوداتێکی ئەدا سیدق و یەقینم

ئەخۆش و دڵ بەزام و دەردە دارم
هەمیشە هەر لە گریەو ئاهو زارم
وەکو مەجنوون ئەسوورێم بێ قەرارم
لەسایەی تیری غەمزەی چاوی یارم
سوپاس بۆ خواشەهیدی بێ برینم

لە سینەم دێ لە عەشقت بۆنی بۆن سۆ
وەکو قەقنەسس ئەسووتێ دڵ لە بۆتۆ
لەخەڵوەت بووین لەخەونا (بێبەش) ئیمشۆ
بە بانی یار ئیشارەی کرد بە ئەبرۆ
(میرانی) بێتە سەیری گوڵچنینم

● بێبەش و رەزا ●

دولبەرە دین پەرەکەم قەت کەمی خۆم نادەمە قەرد
تازە ماچێکم ئەوێ بمدەیێ گەر تۆ کچی مەرد
چەند سەرنجت ئەدەمێ تۆ لە وجوودت نیە گەرد
سەرو نەی چین کە لە گەڵ قامەتی تۆ بێتە نەبەرد
شەکەری خواردووە نەی سەرو سەری داوە لە بەرد

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر :

▲ تەجویدی قورئان بە زمانی کوردی - ١٩٥٦
▲ بەشێک لە دیوانی بێبەش - ١٩٧١

---

• سعید یحیی •

ئەم دیوانەی نووسیوەتەوەو
سەرپەرشتی لەچاپدانی کردووە

---

ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٠٥٧ ساڵی ١٩٨٤